**دیکتاتوری لە سەر شانی خۆمان دامەزراوە!؟**

ئیدئۆلۆژی فاشیسم لە ئاڵمان و جێبەجێکردنی لە پانتای ئوورووپا و بەرینتر لەو قارەیە، بە تەنیا ناکەوێتە ئەستۆی هیتلێر و حزبی ناسیۆناڵ سوسیالیست و چەند کەسێک کە لە دادگای نورنبرگ سزا دران.
هەروەک چۆن سەرهەڵدانی دیکتاتوریی و داسەپاندنی فاشیسمی ئیسلامی لە ئێران، بە تەنیا ناکەوێتە سەر شانی کۆمەڵێک مەلا و بەرپرسانی دام و دەزگاکانی نیزامی، ئەمنیەتی و قەزایی کە ئەوانیش بە چەند کەرت و(جناح ) دابەش کراون، بۆ ئەوەی هەر چوار ساڵ جارێ بە "دەنگی خەڵک" دیکتاتۆریەتی حکوومەتی ئیسلامی، درێژ کرێتەوە و دەوڵەت دەست بە دەست بکرێ.

بە واتەیەکی تر خەڵکی ئاسایی، نوخبەکان و ڕێکخراو و سازمانەکانی سیاسی و کۆتلەکانی مافیای ئابووریی، بە مەیلی خۆیان تەمەنی دیکتاتوریی درێژ دەکەنەوە و مەشرووعیەتی سیاسی پێدەبەخشن هەم لە ناوخۆ و هەم لەدەرەوە. ئەم پرۆسەیە بۆ ماوەی چل ساڵ بە ناوی دێموکراسی بە خەڵک فرۆشراوە و کۆمەڵگای جیهانیش بە پاڵپشتی ئەم چەشنە لە دێموکراسی، هاوکاری سیاسی، نیزامی و ئابووری و ئەمنیەتی حکوومەتی ئیسلامی بوون. ئەوەش وێنەی ڕێئاڵ پۆلیتیکی جیهان دەردەخات!

لە کاتێکدا لە ڕێگای نووسینی سەدان کتێب، درووستکردنی دەیان فیلم و بڵاوکردنەوەی هەزاران هەزار بابەت، ئەم تێگەیشتنە چەسپێندرابوو کە فاشیسم تەنیا بەرهەمی هیتلێر وحزبەکەی بووە، کەسێک بە ناوی دانیل یۆنا گۆلدهاگن ساڵی ١٩٩٦ بە بڵاوکردنەوەی کتێبی "Hitlers willige Vollstrecker" گۆمی ناڕاستیەکان و چەواشەکاریی و درۆی زۆربەی هەرە زۆری مێژوونووسان، تیئۆریسین و سیاسیەکان و ناوەندەکانی بە ناو زانستی ئاڵمان و ئورووپای شڵەقاند و تێزی بەشداریی خەڵکی ئاسایی لە جێبەجێکردنی ویستی فاشیستی هێنایە گۆڕێ!

گۆڵدهاگن لە حەوت سەت و سی لاپەڕەدا، دەیسەلمێنێ کە بە میلیۆن خەڵکی ئاسایی ئاڵمان عاملی جێگیربوونی فاشیسم و مانەوە و پەرەساندنی بوون، خەڵک لە هەموو چین و توێژەکان بەڕێوەبەری فەرمانی کووشتن و سووتاندن و وێرانکردن و لەناوبردنی دەیان میلیۆن کەس و گەلێک وڵات بوون. سەرجەم دام و دەزگاکانی حکوومەتی فاشیستی بە دەستی خەڵکی ئاسایی و کارزان و نوخبەکان هەڵدەسووڕان و تەنانەت نووسەر و فەیلەسووف و زانا و بلیمەت پێچ و مۆرەی ماشینی فاشیسم و دیکتاتۆریی بوون. سەیر نییە گەر ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە حەفتا ساڵ لە کۆتایی حکوومەتی فاشیستەکان، بە پێی ئامار چل لە سەدی خەڵکی ئەم وڵاتە، مەیل و تێگەیشتنی فاشیستیان تێدا مابێ.

جێگیربوون و داسەپاندنی فاشیسمی دینی و دیکتاتۆری لە ئێران، پێشینەی چەند هەزار ساڵەی لە پشت بوو. دیکتاتوری و فاشیسمی دینی بە هاتنی خومەینی و کەسانی دەوروبەری ئەو دەستی پێنەکرا، بەڵکوو بە پاڵپشتی مێژووی دیکتاتوریی و تێگەیشتنی دینی خەڵک و پێشینەی حکوومڕانی دینی و باوەڕیی ئیسلامی زۆرینەی خەڵکانی ئێران بە کوردیشەوە، درێژەی پێدرا!

درێژەپەیداکردنی دیکتاتوریی ئیسلامی-ئاخوندی-نیزامی- تیئۆکراتیک- بڕۆکراتیک بە بێ مەیل و بەشداری خەڵک چل ساڵ دەوامی پەیدا نەدەکرد. پێشینەی قەبووڵی دیکتاتوری لە لایەن خەڵک و عادەتکردن بە ژیان لە ژێر ئەمری دیکتاتور و سیستەمی دیکتاتۆریی، ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ و ئەخلاق و پەروەردەی خەڵکانی ئەو سەرزەمینە بوو. جێگرنەبوونی حکوومەتی دێموکراتیک و ئازاد هەمووی ناگەڕێتەوە بۆ بوونی زەبروزەنگ، بەڵکوو پیوەستە بە مەیل و تێگەیشتن و فەرهەنگی خەڵک!

کورد بە درێژایی مێژوو، چەوسانەوە، کووشتن، ماڵوێرانی، ئاوارە بوون و کارەساتەکانی کە بە سەری هاتووە، لە دیکتاتۆرەکانی زانیوە، کە ڕاستە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە کورد خۆی بەشێک لە سیستەمەکە بووە و کەسانێک لەو میللەتە جزووی میعمارانی دیکتاتۆریی لە چوار وڵاتی ئێران، عێراق، سوریا و تێران بوون. جگە لە مێژووی هەزاران ساڵە کە کەمتر زانیاریمان لە سەری هەیە، مێژووی سەت ساڵی

ڕابووردو ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد لە چوار وڵات لە هەموو ڕەدەکان بەشدار بووە، بە بێ ئەوەی مافی سیاسی بۆ خۆی مسۆگەر بکات. جگە لە پۆست و مەقامی باڵا، لە دوو وڵاتی تورکیا و عێراق تورگوت ئوزاڵ، جەلال تاڵەبانی و فواد مەعسووم سەرۆک وڵاتی ئەم وڵاتانە بوون. لە سوریاش هەم لە حزبی بەعس و هەم لە حکوومەت و ئەرکانەکانی، پۆست و مەقامی بەرز بە دەست ئەو کەسانەوە بووە کە بە ڕەچەڵەک کورد بوون. لێرەدا وێنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەهێنینەوە کە وێنەی هەر چوار پارچەکەی دیکەشە.

بە پێی ئاماری دەوڵەتی، ژمارەی کارمەند و هێزی نیزامی ئێران دەگاتە دە میلیۆن کەس. هەر بە پێی ئاماری دەوڵەتی، ژمارەی دانیشتووانی کوردی ستانە کوردنشینەکان و کوردانی ستانەکانی هەمەدان، قەزوین، زەنجان، ئەردەوێڵ، تاران، مەرکەزی و خوراسان، دەگاتە دە میلیۆن! واتە دوازدە لە سەدی سەرجەم دانیشتوانی خەڵکانی ئێران!

گەر حکوومەتی ئێران دە میلیۆن مووچەخۆری هەبێ و دە لەسەدی کورد بن. ژمارەی مووچەخۆرانی کورد دەبێتە یەک ملیۆن. گەر بنەماڵەی هەر مووچەخۆرێ، نێوان سێ هەتا پێنج کەس بن، نزیک سێ هەتا پێنج ملیۆن کورد نانخۆری حکوومتن کە لە بەشی ئیداریی، نیزامی، مەدرەسە و زانستگا و فەرهەنگ و هونەر و مێدیا کاردەکەن. هەروەها بەشێکی بەرچاو لە بازرگان، خاوەن شیرکەت و فابریکی کورد، لە کوردستان و ستانەکانی تاران، شیمالی ئێران، ئیسفەهان و شوێنی تر، تێکەڵاو لە گەڵ دام و دەزگاکانی حکوومەت هەن و بەرژەوەندیان گرێدراوی هاوکاری حکوومەت و دام و دەزگاکانیەتی. جگە لەوانە کۆمەڵێک لە کوردانی خاوەن سەرمایە لە تورکیا و وڵاتانی خەلیج و ئوروپا، بە بێ تێکەڵ بوون لە گەڵ دام و دەزگاکانی ئێران، کاری تیجاری و بازرگانیان سەر ناگرێ. جگە لەوانە کارمەندانی خانەنشین و گەلێک کەسی تر لە ناو کۆمەڵگای کوردستان، ژیانی ڕۆژانەیان گرێدراوی ئەمر و نەهی دام و دەزگاکانی حکوومەتە! بە گشتی ژیانی هەر تاکێکی کورد، گرێدراوی سیستەمە و مانەوە لە ناو سیستەم بە بێ ملکەچ بوون بۆ سیاسەت و قانوونی حکوومەت و ئیدئۆلۆژی حاکم، مێسەر نابێ!

گەر بە خێرایی سەیری بەڕێوەبەرایەتی واتە ستاندارییەکانی ستانەکانی کوردنشین بکرێ، زۆرێک لە مودیرانی کول کوردن، جگە لەوە بە پانتایی هەموو کوردستان شاردار، بەخشدار، فەرماندار، شۆڕای شار و گوند و رییسی ئیدارات و نوێنەرانی مەجلیس هەموو کوردن. واتە سەرجەم دەزگاکانی ئیداریی، نیزامی، فەرهەنگی، هونەریی، زانستی و بە مانایەکی تر ستوونی دیکتاتوری ئیسلامی ئێران لە کوردستان لە سەر شانی کارگێڕەکانی کورد ڕاگیراوە. هەموو ئەو کەسانەش کە مووچەخۆری حکوومەت نیین، بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانەیان تێپەڕێ، خۆیان لە گەڵ ویستی سیاسی، دینی، ئیدئۆلۆژیکی حکوومەت ڕادەهێنن. سەرجەم منداڵ و لاوانی کورد لە مەدرەسە و دانشگاکان بۆ ئەوەی بتوانن بخوێنن و سبەی ڕۆژێ کار وشوێنێکیان لە کۆمەڵگا و ناو سیستەمەکەدا دەست کەوێ، خۆیان لە گەڵ نۆڕم و فۆرم و فەرهەنگ و ئیدئۆلۆژی و ویستی دام و دەزگاکان ڕادەهێنن. نووسەر و هونەرمەند و مێدیاکار گەر مووچەخۆری دەوڵەت و ئۆرگانەکانیشی نەبن، گرێدراوی دام و دەزگاکان و ئەمر ونەهی ئەوان دەمێنن. ئەم لەشکرە زۆرینەی خەڵکی کورد لە هەر چوار پارچە پێک دەهینن، ئەوەش بەو مانایە نییە کە کەمینەیەک نەکەونە دەرەوەی ئەم ڕژیمە و دژبەری ئەو حکوومەتە نەبن، ئەوەش ئەو کەسانەن کە لە سیستەمەکە دادەبڕین و دەکەونە ژێر غەزەبی دەزگاکانی ئەمنیەتی، پۆلیسی و نیزامی کە لێرەش حکوومەت بە بێ هاوکاری سیخوڕی کورد، دەستی بەو کەسانە ڕاناگات.

بەڵام جگە لەو پرۆسەیەی کە باس کرا، کۆمەڵێک کورد و نوخبەی کورد هەن، کە نەک بە پێی عادەت و نیازی ژیان، بەڵکوو بە پێی باوەڕ و تێگەیشتنی سیاسی یان ئیدئۆلۆژیک دەبنە بەشێک لە سیستەم، کە ئەوانە دەوری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا دەگێڕن کە ئەمڕۆژانە لە حاند سەرجەم

ڕووداوەکان بێدەنگن. ئەو کەسانە نە تەنیا ئەندامان و لایەنگرانی سیاسی باڵەکانی ناو حکوومەت دەگرنەوە، بەڵکوو کۆمەڵێک نووسەر و هونەرمەند و مێدیاکار و نوخبەکان لەخۆ دەگرن.

گەر کورد خۆی بەشێک لە سیستەمەکانی دیکتاتۆری ناوچەکە نەبایە و دابڕاو لە سیستەم بەرگریان لە مافی نەتەوەیی و ئینسانی و نیشتمانی خۆیان کردبایە، هیچ دیکتاتۆرییەک لەم وڵاتە سەقامگیر نەدەبوو، هەر بە پێی ئەم مێژووە، ئەوەی کە بەدەستی کوردیش لە باشوور وەک حکوومەتی هەرێم دامەزرێندرا، سەرەڕای جیاوازی، کۆپی دیکتاتۆرییەکانی ناوچە و تێگەیشتن و فەرهەنگیان بوو!

پرۆسەی خۆجیاکردنەوە لەو سیستەمانە، پرۆسەیەکی خۆویستیانەیە، کە بە بێ تێگەیشتن لە خۆ و کەسایەتی خۆ، سەر ناگرێ. جیابوونەوە، دەبوو لە نوخبەکانەوە دەستی پێکرابا، بەڵام کاتێک سەیری نوخبەی سیاسی و پسپۆڕانی هەموو بەشەکانی زانست لە کوردستان دەکەین، لە گەڵ گەلێک پرسیاری بێ وڵام ڕووبەڕوو دەبین. ئەوە نە تاکی نوخبە، بەڵکوو گرووپەکانی حزبیش دەگرێتەوە.
گەر کورد و نوخبەکانی بیر لە پرسیارە گرنگەکانی خۆساخکردنەوەی کەسایەتی خۆیان و پرۆسەی جیاکردنەوەی کەسایەتییان لە کەسایەتی فارس و ترک و عەرەب نەکەنەوە، کە لە هوندووری هەرکوردێکدا دەژیین و دەیانکەنە سیاسەتمەدار و نوخبە و نووسەر و هونەرمەند و فەرهەنگساز و پسپۆڕی ئێرانی، عێراقی، سوریی و تورک، دەبێ واز لە خۆ بهێنن و پرۆسەی توانەوەی خۆ بە مەیل قەبووڵ بکەن و بەردەوام لە ئاکسیۆنەکانی ئەواندا بەشداری بکەن و کوردستان بۆ ئەوانە بەجێ بهێڵن کە لە سەر بەیس و بنەوانی دابڕان لە هەموو ئەو سیستەمانە، دەیانەوێ نیشتمانی خۆیان دابمەزرێنن.

کورد دەرفەتی زۆری لە دەست داوە و دەرفەتی زۆری بۆ ساخکردنەوەی خۆی نەماوە. کۆتایی ئەم سەدەیە بە پێی زۆر لە بەراوەردەکان، دەتوانێ دوا دەرفەتی خۆژیانەوەی کورد بێ. خێرایی ڕووداوەکان و خێرایی گۆڕانکارییەکان لە گەڵ خاوەخاوی کوردەکان یەک ناگرێتەوە. خاوخاوکەران ئەوە دەبێ بزانن، جیهان لە سەر ئەوان ڕاناوەستێ، یا پلان و ستراتێژی ئەو سەدەیە دیاریی دەکەن، یان لە پڕۆژە و ستراتێژی ئەوانی تردا گووم دەبین!

برایم فەڕشی
ژانویەی ٢٠١٨ - ئاڵمان